## ريكخراوەكان كيشەمان بۆ دروست مەكەن!! ... بيلال سعيد



لە هەر وولآتيك باس لەريكخراو كۆمەڵە وگروپ دەكريت بەپيروز و دادەنريت، وريزى ليدەگيرى، و بەچارەسەروداكوكى كارى ئەو تويژەدادەنريت، كەلە پيناويدا دامەزراون، جا ريكخراوى خويندكارى بيت يان ماموستا يان ئافرەتان وكرێكاران وهتد. . . . . . . . وەچەندان رێكخراوى تر كە هەميشەو هەموو كات لەسەر داواكارى ومافە كانى تويژەكانيان دەينە جواب، وەخوپيشاندان ومانگرتن و چەندان شيوازى تر بەكار دينن لە كاتى پيشيل كردنى مافە كانيان، جا دژ بە دەسەلآت بيت يان حيزب وە بوويە هەم دەسەلات وهەم حيزب ليان دەترسن، وە بويە ئەندامانى ريكخراوەكەش ريكخراوەكەيان خوش دەوى وە بويە هەم ريكخراوو هەم ئەندامان پەيوەنديە كى دوستانە يان هەيە، بەلام لە وولاتى ئيمە ريكخراوەكان نەك چارەسەرو داكوكى كارى تويژەكانيان نين بەلكو دروست كەرو ئاژەو گيرى نيو تويژەكەن، وە لە گەل ئەوەشدا لە ئاست مافى ئەندامانى ريكخراوە كەيان نەوەك دژى حيزب ودەسەلات نين بەلكو دەستەموو جى بەجيكارى كارو فرمانەكانى حيزبن، و وەبو هەر راوەرگرتنيك دەربارەى هەر رووداويك دەبيت پەنا بەر نە بەر حيزب وە نموونەشمان زورە، وە يەكيك لەو دياردانە كە هەموو سال روودەدەن هەلبژاردنى سالآنى رابردووى خويندكاران و قوتابيانە كە پيش هەلبژاردنە كە دەبيت هەر يەكە لە ريكخراوەكان برواپەنەتەوە لاى حيزبە كانيان وە پرس وراويژ بە ئەوان بكەن وەشيوازو چونيتى ئە نجامدانى شى دەبيت هەر لە ژورەكانى مەكتەب سياسى وسەركردايەتى حيزب يە كلاى بكرايەتەوە، وە لەكاتى هەلبژاردنە كانى بەناو قوتابيان كەتەنها دوور بوو لە هەلبژاردنى قوتابيان بە لكو هەلبژاردنى حيزبەكان بوو وەناوەندەكانى خويندن پڕ دەبوو لە ئاسايش و بارەگاكانى كوميتە و لقە كان دەگو يزرايە وە بوو نيو ناوەندەكانى خويندن، وە هەندى جار كار دەگەشتە ئەوەى كە كووبوونەوە بە باوك ودايكى خويندكاران دەكرا بووئە وەى ئەو ريكخراەى كە پيويستە دەنگى پيبدادات ديارييان دەكردبووى بوو ئەوى مندالە كانى دەنگى پيبدەن وە ئە ئەگەر بە پيچەوانەوە دەنگى بدايە، لە لايەن بەر پرسە حيزبيەكانەوە وە هەرەشەى فەسڵ كردن ونەقڵ كردن لە دام ودەزگا حكوميەكان دەكرد لە كەس وكاريان ئەگەر دەنگ نە دەن بە وريكخراوەى كە ئەوان دەيڵين، وە هەر بە بوونەى هوشيارى ئەم ريكخروانە بوو كە دروستكەرى چەندين كيشەى نيوان موستا و خويندكارو خويندكار بوون وە ناوەندەكان لە جيگەى فيربوونى زانست و خويندن و بووبوە بارەگاى حيزب و ململانى نيوان حيزبەكان وە ريكخراوەكان لە ئامانجە كانى خويان لايان داوە، وە تا ئيستا هوشيارى يەكى وايان لە لاى ئەندامە كانيان دروست نە كردوە كە لە ئاست كەم وكوريەكان بينە جواب وە لە ئاست كيشە نەتەوايەتيەكان برژينە سەر شە قامە كان وە نە هيلن حيزب و دەسەلات لە جياتى ئەوان دەنگ بدات لە ژورە كانى مەكتە ب سياسى و مەكتەبە عەسكەرى، بە لكو هەر ئەوەيان لە لاى خويندكارى كورد فير كردوە كە چون بتوانن ديليى زياتريان هەبيت ئيتر بە

هەر شیوەیەك بیت بەلایایەوە گرنگ نیە، بە لكو بووئەوەی بیكەنە خزمەتكاری حیزبە كەیان جا بە پارەبیت یان ترس یان هتد........هەول بدەن ئەندامی زیاتریان هە بیت، بەلام تاكەی ریكخراوەكان وا بیدەنگ دەبن لە ئاست ئەو هەموو كەم وكوریانەی كە لە ناوەندەكان هەیە، تاكەی بیدەنگن لە ئاست كەمی ونەبوونی ماموستایان لە ناوەندەكانی خویندن، تاكەی بیدەنگن لە هوكاری كەمی بینا و زوری بالە خانەكانی كەسە حیزبی وحكومیەكان 'تاكەی بیدەنگن لە ئاست وەفاتی ئەو قوتابیانە سەرەتایانەی كە بە هوی نەبوونی خویندنگا لە نزیك ما لە كانیانەوە لە سەر جادەكەن ئوتومبیل دەیان كوژیت 'تاكەی بیدەنگن لە ئاست ئەو هەموو گەندەلی وفە سادی ئیداریەی كە لە بەریوە بەرایەتیەكانی پەروەردەو ناوەندەكانی خویندن هەیە 'تاكەی بیدەنگن لە ئاست گرتن وزیندانی كردنی ئەو خویندنكارانەی كە بە هوی ئەنجامدانی خوپیشاندان ومان گرتن بە مەبەستی چارەسەر كردنی كیشەكانی ناوەندەكانیان ئەنجامی دەدەن بەلام وەلامی دەسەلات گرتن و زیندانی كردنە، تاكەی بیدەنگن لە ئاست كوَنی سیستەمی پەروەردە لە كاتیكدا سەردەمی پیشكەوتنی زانیاری كومپیوتەرو ئەنتەرنیت بەلام لە ناوەندەكانی ئیمە قوتابی خوزگە بەوە دەخوازیت كە خاوەنی كتیبی خوی بیت لە كاتیكدا ولاتان بە كومپیوتەرو ئەنتەرنیت دەخوینن، بەلام تكایە تكایە بیری بكەنەوە با میژوو نەفرەتان لی نەكات ئیوەش كەوەك حیزبەكان، وا خەریكە خەلْكی هوَشیار دەبیتەوە وە نە فرەت لە رابردووی زوَریكیان دەكەن وە خفەت بەو هیما راستە دەخون كە لیداوە بوو ئەوەی بیتە دە سەلاتداری، تكایە بەسە بیدەنگی و خووخلە فاندن لە ئاست كیشەكانی خویندكارو خویندنگە كان بینە جواب، تكایە بە سە بەناو پروژەكانی كردنەوەی خولی شگرنج و توپی سەر میز وپیشبركی پرسیارو وەلام بەلكو كیشەكانمان چارەسەر كەن وە كیشەمان بوو دروست مەكەن.

كەلار
belalsaidsald@yahoo. com